# هاوسەرگیری کچ لەگەڵ کوڕ لە رگەز و ئاینی جیا مافە یان تاوان؟

**ئامادەکردنی: ڤینۆس فایەق / هۆڵەندا**

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە هەولێر ، رۆژی 8ی مای 2007 لە ژمارە 200 بە وێنەوە بلاوبۆتەوە..

کەس لە پیاوێك کە ژنێکی بیانی مارەبکات ، یان لەگەڵی بژی یان هەر جۆرە پەیوەندیەکی لەگەڵی هەبێت ناپرسێت ئایا بۆ ژنێکی رەگەزێکی جیای هەڵبژارد ، لەهەر رەگەزێك بێت ئەو ژنە ، چونکە دەقە ئایینیەکانیش هەر هەمووی بەبەرەی رەگەزی پیاو بڕدارون ، هیچ کات نابیستیتەوە پیاوێك لەسەر هاوسەرگیری ژنێکی رەگەزێکی جیا بکوژرێت ، یان رەجمکرێت ، هەموو یاساکان خەسلەتی پیاوی هەڵگرتووە و بەبەری پیاو بڕدراون ، هیچ کات هیچ خێزانێك هەست بە شەرمەزاری ناکات ئەگەر کوڕەکەیان ژیانی خێزانی لەگەڵ هەر کچێکی هەر نەتەوەیەك یان ئاینێك هەڵبژێرێت ، بگرە من بۆخۆم بەچاوی خۆم دیومە چۆن تەنها لەبەر ئەوەی بیانیە ، چاوی سەوزە و قژی زەردە و بالا ی بەرزە و لەبەر ئەوەی هەڵبژاردەی کوڕەکەیانە قبوولیانە و شانازیشی پێوە دەکەن ، و بگرە دەیبەنە لای سەروو لە دیوەخانی پیاوان ، و بە جیا لە ژنەکانی خۆشیان نانی بۆ سازدەکرێت ، ئەو پیاوانەی کچەکانی خۆیان ئەکوژن و رەجم ئەکەن..لە هەرهەمووی زۆر گرنگتریش ، ناپرسن داخاو پاکیزەبووە ئەو دەمەی کوڕەکەیان ژیانی هاوسەری لەگەڵ دروستکردووە ، یان نا؟ لەکاتێکدا چەندەها کچی کورد ئەکوژرێت و لەناو ئەبرێت تەنها لەبەر ئەوەی کوڕێکی خۆشویستوە ، نەخوازەللا ئەگەر پاکیزەیی لەدەستدابێت ، کە ئەگەر ئەوەش رووبدات شتێکی بەباوەڕی تاکەکەسی من ئاساییە و یەکێکە لە وەلامە شەرعیەکانی خۆشەویستیەکی پاك و نیازپاك..

لە ئەوروپا کۆچبەری کورد یەکێکە لەو کۆچبەرانەی بە کوشتنی کچ ناوی هەیە ، نمونەشمان زۆرن ، لەبەر هۆی تایبەت و لەبەر ئەوەی لەوانەیە کەسوکاری کچە کوژراوەکان رازی نەبن ناتوانم ناوی کەس بەرم..

یەکێك لە هاندەرەکانی کوشتنی کچان مەسەلەی هاوسەرگیری و پەیوەندی خۆشەویستیانە لەگەڵ بیانیدا ، لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە گشتی زۆر کۆت بەند هەن دەکرێنە بەربەست لەبەردەم ئازادی کچدا لە هەڵبژاردنی هاوسەر بۆخۆی ، بۆ نمونە ئاستی خوێندەواری و ئاستی خێزان ، بیروباوەڕی ئایینی ، نەتەوە ، هەروەها هەندێ جارحیزبایەتی ، ئەوەی جێی داخە هەمیشە ئەو کۆتوبەندانە بۆ رەگەزی مێ دانراون ، دەنا لەبەرامبەر کوڕەکەدا باسی ئەو شتانە لە گۆڕێدا نیە ، هەمیشە کچەکە گەورەترین بر لە باجی داوە ، و زۆرترین زیانی دەروونی و جەستەیی بەر کچەکە کەوتووە. بیرۆکەی گوایا نەشیاوە کچ شووبکات بە کوڕێك لە ئاینێکی جیا ، یان لە نەتەوەیەکی جیا ، تەنها لە ناوچەی خۆرهەلاتی دواکەتوو پەیڕەو دەکرێ بە بیانووی ئەوەی لە ئایینەکەدا هاتووە بەتایبەت ئایینی ئیسلام ، هەروەها لە ئایینەکانی تردا وەکوو سابئە و یەزیدی کە گوایا نابێت کچیان شووبکات بە کوڕێکی هەڵگری ئاینێکی تر..

کەچی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی دونیا هەموو ئەو یاسا و هۆیانە دەهێننە کایەوە بەستی زیاتر خۆشگوزەرانی کۆمەڵگاکەیان و بیناکردنی بەهەشت لە کۆمەڵگاکەیاندا و بۆ دەستەبەرکردنی زیاترین بڕ لە ئازادیەکان بۆ میللەتەکانیان ، ئەو دابە نەریتانە رەتدەکەنەوە کە ببێتە هۆی سنووردارکردنی ئازادیەکانیان..

بەلام بەداخێکی زۆر گرانەوە لای ئێمە هەتا ئەمڕۆکەش کە لە سەدەی بیستویەکداین هێشتا کەسانمان هەن نەك ئەو دابونەریتانە پەیڕەو دەکات ، بەڵکە ئیجتیهادی تیادەکات و زیادەڕەویشی تیا دەکات ، دەنا بە ویژدانی کێ رەوایە رەجمکردنی کچێکی ژێر تەمەنی یاسایی بە بەرد و بلۆك ، تەنها لەبەر ئەوەی ویستوویەتی ببێتە هاوسەری کوڕێك لە ئاینێکی تر.. یان بە ویژدانی کێ رەوایە کابرایەك بەخۆی و کوڕەکەی رەوا دەبینێت رۆژانە لەگەڵ کچە ئەوروپییەکاندا رابوێرێت ، کەچی کە کچەکەی دەیەوێت هاوسەرێکی بیانی هەڵبژێرێت لە ئەوروپا ئەیکوژن ، بۆ ئەوەی هەموو ئەوروپا بڵێن کورد میلەتێکی دڕندەی شاخاویە ، هەروەك ئەو ولاتەکانی کوردستانیان داگیرکردووە پێیان دەوتین کورد میللەتێکی دڕندە و شاخاویە و بەشەو کە برسیان بوو یەکتر دەخۆن.

ئەم ریپۆرتاژە بە هیچ شێوەیەك بانگەشە نیە بۆ ئەوەی کچان و ژنانی کورد هاندات بۆ ئەوەی شوو بکەن بە پیاوی ئەوروپی ، بە پێچەوانەوە ، هەوڵێکی ئینسانیانەیە بۆ ئەوەی کیانی ژن بەرزکرێتەوە بۆ ئاستی ئادەمیزاد کە هیچی کەمتر نیە لە پیاو ، چونکە ئەگەر ئەو پیاوە کوردانەی دەستی رێز لە ژنەکانیان ناگرن وا نەکەن و سووکایەتی بە ژن نەکەن ژن بۆ بیر لە پیاوی میللەتێکی تر

دەكاتەوە ، ئەمە تەنها زەنگێكە بۆ وەخەبەرهاتنی كۆمەڵگا و بیخۆداچوونەوە و هەروەها بۆ ئەوەی پیاوی كورد بیربكاتەوە كە مرۆڤایەتی لە ژن و پیاو پێكهاتووە ، و ژن كیانێكە شایستەی رێز و سۆز و خۆشەویستیە..چونكە ژنی كوردیش لەدەروە هەتسی نەتەوەیی بەرزە كە هەمیشە رێزی بۆ نەتەوەكەی خۆی هەیە ، بەڵام لە كۆتاییدا ژن ئەگەڕێ بۆ ئەو كەسەی رێزی لێدەگرێ و سۆزی دەداتێ و نایچەوسێنێتەوە ، ئەگەر ئەوەی لای كوردێك دەسكەوێت پەنا ناباتە بەر ئەوروپیەك..

بۆ شیكردنەوە و تاوتوێكردنی هەمەلایەنەی ئەو باسە پەیوەندیم كرد بە چەند خانمێكی كوردەوە كە ژیانی خێزانیان لەگەڵ غەیرەكورد ، بەتایبەت لەگەڵ ئەوروپی پێكهێناوە ، بەم شێوەیە قسەم لەگەڵ كردن..

**تێبین و تارا ، دوو خوشكن هەردووكیان هاوسەری هۆڵەندیان هەیە**

**تێبین: كە لە (یوری) جیابوومەوە نەبوو بە دوژمنایەتیمان ، ئەو شتە لەگەڵ پیاوی كورد زۆر روودەدات..**

**تارا: كچێكی كورد ناتوانێت ماوەیەك لەگەڵ كوڕێكی كوردا بێت بەمەبەستی یەكتر ناسین ، بەڵام كوڕەكانمان ئەوە لەگەڵ كچە ئەوروپیەكاندا ئەكەن..**

تێبین سەعید ئەحمەد ، تەمەنی 26 ساڵە نزیكەی 15 ساڵە لە هۆڵەندا دەژی دەژی ، وەك خۆی دەڵێ ، ئەو كاتەی هاتۆتە هۆڵەندا تەمەنی منداڵبووە ، زۆری پەروەردەی خوێندنگا و خێزانی لە هۆڵەندا وەرگرتووە و زۆر تێكەڵاوی هۆڵەندی كردووە و هاوڕێی هەبووە ، هەرچەندە تێكەڵاوی و هاوڕێی كوردیشی زۆربووە ، بەڵام ناوەندە پەروەردەییەكە زیاتر هۆڵەندی بووە ، تێبین لە تەمەنی 19 ساڵیدا كە خوێندكاری زانكۆ دەبێت كوڕێكی هۆڵەندی بەناوی (یووری) دەناسێت و پەیوەندیەكی خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست دەبێت ، پاش ماوەیەكی كەم تێبین داوای لێدەكات بچێتە داخوازی بە بڕیاری هەردووكیان ، لەبەر ئەوەشی تێبین لە ماڵی خوشكی گەورەی دەژیا لە هۆڵەندا دەبوو ماڵی باوكی كە لە سلێمانین ئاگادرابكاتەوە ، لەو بارەیەوە تێبین بەخۆی گێڕایەوە وتی: ئەو دەمەی (یوری)م ناسی وەكوو هاوڕێیەك لە زۆر شتا هەستم ئەكرد لێم تێدەگات ، تێگەیشتنێكی رۆحی هەبوو لە نێوانماندا ، ماوەی پەیوەندیەكەمان زۆری نەخایاند ، نزیكەی شەش مانگ و هاتە داوام ، هەڵبەتە هۆڵەندیەكان وەكوو ئێمە بڕیار لە شووكردن و تەقلیدی هاوسەرگیریان نیە وەكوو چوونە داوا و ئەو رۆتینیاتەی لای ئێمە ، بەڵام من مەرجم لێ كرد ، هاتە ماڵی خوشكەكەم ، ئەو كاتە تەمەنم 19 ساڵبوو ، بەڵام زۆر زەحمەت نەبوو خێزانەكەم لە سلێمانی ئاگادركەمەوە ، چونكە ئێمە خێزانەكەمان زۆر كراوە و تێگەیشتوون و ئاستێكی باش لە رۆشنبیریان هەیە ، دایكم و برا و خوشكەكانم گرنگ بوو بەلایانەوە من بەختەوەر بم..

ڤینۆس: ئەی باوكت؟

تێبین: زۆر زۆر سەخت بوو قەناعەت پێكردنی باوكم ، بەتایبەت باوكم بەتەمەنە ، جگە لەوە بیرێكی ئایینی هەڵگرتووە و نوێژ ئەكات ، ئیدی ماوەیەكی زۆر خەریك بووم باوكم رازیكەم ، هەتا مەرجی كرد ببێتە ئیسلام ، ئینجا مەرجی كرد بە مەلا و رێگەی ئیسلام مارەم بكات ، ئەوەبوو بێ دڵی باوكم نەكرد و داوام لە (یوری)بوو ببێتە ئیسلام ، ئەویش لەبەر خاتری من چیم پێدەوت دەیكرد ، پاشان مەلایان هێنا و مارەیان كردم لەسەر دەستووری ئیسلامی..

ڤینۆس: بەڵام جیابوونەوە ، ئەی ئەتوانیت باسی هۆی جیابوونەوەتان بكەیت؟

تێبین: هۆی جیابوونەوەكە ئەوبوو ماوەیەكی كەم ناسیم و یەكسەر شووم پێكرد ، ئەو كاتە تەمەنم 19 ساڵ بوو ، منیش بە سروشت كەسێكم زۆر حەزم لە خوێندنە ، زۆر بیر لەدوارۆژ دەكەمەوە ، بەڵام (یوری) كەسێكە هەمیشە قەناعەتی هەیە بەوەی كە هەیەتی ، بیر لە زیاتر ناكاتەوە ، هەمیشە دەیكوت ، من كار و خانوو ئۆتۆمبیلم هەیە ، هیچی ترم ناوێت ، بەڵام من هەمیشە بیرم لە بڕوانامەی بەرز دەكردەوە ، بیرم لە كاری باشتر دەكردەوە ، ئەوەبوو هەستم بە جیاوازی كرد ، زۆر ئاشتیانە لەیەك جیابووینەوە ، و ئیستا دوو هاوڕێی زۆر باشین بۆ یەكتر..

شایانی باسە تێبین دەرچووی كۆلیژی یاسا ، بەشی خزمەتگوزاریە یاساییە كۆمەڵایەتیەكانە ، لە بانكێكی گەورە لە هۆڵەندا وەك راوێژكاری یاسایی كار دەكات..

ڤینۆس: ئەی بیر لە شووكردنەوە دەكەیتەوە؟ ئەگەر ئا ئەیكەیتەوە بە هۆڵەندی یان كورد؟

تێبین: بۆ ئیستا بیر لە شووكردنەوە ناكەمەوە ، چونكە ئیستا بیر لە خوێندنی باڵا دەكەمەوە ، ئەگەر شووش بكەمەوە هەروەك لەسەرتادا ئاماژەم پێدا گرنگ نیە لە چ نەتەوەیەكە ، گرنگ ئەوەیە هاوبیرم بێت و لەگەڵی بگونجێم و بەختەوەر بم لەگەڵی..

**هەروەها تێبین حەزی کرد ئاماژە بەوە بدات کە (یوری) یارمەتیەکی زۆری داوە ئەو دەمەی سەرقاڵی خوێندن بووە ، زۆر دەستگیرۆیی کردووە و، هەوڵی لەگەڵ داوە و، ئیستا پەیوەندیان زۆر باشە..**

**هاوکات (تارا سەعید ئەحمەد) کە خوشکی (تێبین)ە ، ئەویش بەهەمان شێوە هاوسەری هۆڵەندی هەیە ، ئویش خۆی زۆر بەبەختەوەر ئەزانێت لەگەڵ (مایکڵ)ی هاوسەری و کورێکیان هەیە تەمەنی نزیکەی دوو ساڵە و ناوی (جیوڤانی)ە ، تارا باوەڕی وایە ئەگەر هاوسەرەکەی کوردبووایە ، بۆ نمونە وەك خۆی دەڵێ: سەرەتا کەناسیم ماوەی پێنج مانگ پەیوەندیمان هەبوو و بەیەکەوە ژیاین ، لەکاتێکدا ئەگەر کورد بوایە فریا ناکەویت بیناسیت ئەبێت خیرا مارە بکرێیت ، جگە لەوەی بۆ نمونە لەکاتی جیابوونەوەدا هەمیشە ئەگەر ژنی کوردێك بیت دەبێت بە شەڕ و ناخۆشی بێت و لە کۆتاییشدا هەمیشە ژن و پیاوەکە لەیەك دەبن بە دوژمن ، بەڵام لەگەڵ ئەوروپیدا ئەوە روونادات ، ئەمان زیاتر تێگەیشتنیان هەیە بۆ زۆر کێشە و زیاتر قسە لەسەر شتەکان دەکەن و بە رێکەوتن لەیەك جیادەبنەوە..**

**هەروەها بەهەمان شێوە باوکی تێبین و تارا بۆ شووکردنی تاراش زۆر نارەزابووە و سەرەتا رەزامەندی نەداوە ، بەڵام دوای ئەویە تاراش سووربووە لەسەر ئەوەی شوو بە مایکڵ ئەکات ، بە ماڵی باوکی گوتووە ئەو هەست ئەکات لەگەڵ ئەو پیاوە بەختەوەرە ئەبێت ، هەروەها بەباوکی وتووە ، کەوا حەز دەکات شووی پێبکت ، بەڵام گرنگیشە بەلایەوە باوکی رەزامەندی دەربڕێت ، هەتا دواجار بەهەمان شێوە مەرجی کردووە ببێتە موسڵمان..**

**تارا هەتا ئیستا لەوەتەی شووی بە مایکڵ کردووە سەردانی کوردستانی نەکردووە ، مایکڵ زۆر حەز دەکات ، بەڵام تارا ئەترسێت باوکی هێشتا تووڕەبێت و مایکڵ بکاتە دەرەوە..**

**تارا ئەوەی دووپات کردەوە ئەو زۆر بەختەوەرە ، چونکەمایکڵ زۆر رێزی لێدەگرێ ، بۆ نمونە ئەگەر یەك هەفتە نەتوانێت خۆراك ئامادە بکات ، مایکڵ هەر بێزی نایەت باسی بکات ، بەخۆی نانی هەرسێکیان ئامادە دەکات ، بگرە زیاتریش بەدەوری تارادا دێت ، چونکە تارا کار دەکات و هیلاك دەبێت..**

**<u>ن.ح.س.: ئەزموونی هاوسەریم لەگەڵ پیاوی کوردیشدا هەبوو ، ئیستەش لەگەڵ هۆڵەندی ، دوو بیرکردنەوەی زۆر جیان</u>**

**ن.ح.س. : ژنێکی کوردە ماوەی 10 ساڵە ژنی پیاوێکی کوردبووە نەگونجاون و لە هۆڵەندا و لەیەك جیابوونەوە ، ئیستا پیاوەکە کچێکی کوردی هێناوەتەوە ، ن.ح.س. شووی کردۆتەوە بە پیاوێکی هۆڵەندی ، ن.ح.س. حەزی نەکرد ناوەکەی بە تەواوەتی بنووسم دەربارەی ئەزموونی خۆی بە کورتی باسی کرد وتی: من هەست ئەکەم ئیستا زۆر بەختەوەرم ، ژن ئەگەرێت بۆ پیاوێك رێزی لێبگرێت ، من ئەزموونی هاوسەرگیری پیاوی کوردیشم هەبوو ، ئیستا ئەزانم پیاوی کورد چەند دەستی سووك لە ژن ئەنێن و ژن ئەبێت قوبووڵی بکات ، مێردەکەم زۆر رێز لە هەموو شتێکم ئەگرێت و خۆشی ئەوێم ، و منیش زۆرم خۆش ئەوێت گرنگە ژن هەست بە ئاسوودەیی بکات ، هەست بە ئارامی و خۆشبەختی بکات لەگەڵ ئەو پیاوەی هەموو ئەوەی ماوە لەتەمەنی لەگەڵ ئەباتەسەر..**

**<u>رێزان ساڵح: زۆر بەختەوەرم ، ئەوەش پەیوەندی بەوەوە نیە ئەو پیاوە لە چ رەگەزێکە ، پەیوەندی بەوەوەیە ئەو پیاوە زۆر رێز لە خۆم و نەتەوەکەم دەگرێ..</u>**

**رێزان ساڵح ، ژنە هونەرمەندێکی شانۆکاری کوردە و هاوسەرێکی نەرویجی هەیە**

**ژنە کوردێکی تر ناوی (رێزان ساڵح) شانۆکار ، دەرچووی بەشی دەرهێنانی شانۆییە لە ئەکادیمی هونەرە جوانەکانی بەغدا ، پاشان لە سلێمانی مامۆستای پەیمانگای هونەرەجوانەکان بووە ، سەرقاڵی خوێندنی ماجستێرە لە بواری رەخنەی شانۆیی ، ئەم خانمە هاوسەری پیاوێکی نەرویجیە ، ناوی (یان)ە ، ئەندازیاری نەوتە ، ئیستا پێکەوە لە وڵاتی بەلجیکا ئەژین..**

**لەبارە سەرەتای ناسینی هاوسەرە نەرویجیەکەیەوە وتی: من هەمیشە کچێك بووم زۆر بیرم لە شووکردن نەدەکردەوە ، زیاتر سەرقاڵی بوارەکەی خۆم بووم ، حەزم لە کارەکەم بوو ، هەموو کاتی خۆمم پێ پڕکردبۆوە ، بە حوکمی ئەو دەوروبەرەی لە نەرویج تیا ئەژیام کوڕێکی کوردی وام نەناسی یان نەدۆزیەوە هەموو خواست و ئامانجەکانی ژیانم بهێنێتە دی و هەست بکەم ئەمە ئەو پیاوەیە لەگەڵ بەبختەوەر ئەبم.. هەروەها رێزان ئەوەشی وت: من بەڕێکەوت ئەم پیاوەم ناسی و ماوەی چوار ساڵ وەك هاورێ**

بەیەکەوە بووین ، واتا بیرۆکەی هاوسەرگیری لە ئارادا نەبوو ، چونکە تەنها هاوڕێ بووین ، پاشان کە زیاتر لەیەك نزیکبووینەوە ، یەکترمان خۆشویست و بڕیاری پێکەوە ژیانماندا..

ئینجا لێم پرسی ، ئەی ئەم هاوسەرگیریەت بە تەسمیم و بڕیاربوو کە شوو بە ئەورووپیەك بکەیت ، یان قسمەت هێنایە رێت؟ لەو بارەیەوە رێزان وتی: بۆ من زیاتر ئەتوانم بڵێم قسمەت بوو ، چونکە من بڕیارم نەدابوو شوو نەکەم بە پیاوێکی کورد ، بە پێچەوانەوە لەوانەبوو ئەم پیاوەی ئیستا شووم پێکردووە کورد بوایە ، یان هەر رەگەزێکی تر ، بۆ من گرنگ ئەوەبوو خۆشم بوێ و خۆشی بوێم ، بەختەوەر بم لەگەڵی ، هەروەها ئەویش هەستکات بەختەوەر ئەبێت لەگەڵ من..

لە وەڵامی پرسیارم دەربارەی کاردانەوەی ماڵی باوك و کەسوکاری لێم پرسی ، رێزان لە وەڵامدا وتی: سەرەتا ماڵی باوکم زۆر دژی ئەو بیرۆکەیە وەستان ، بە هیچ شێوەیەك بەو بیرۆکەیە قایل نەدەبوون کە کچەکەیان شوو بکات بە پیاوێکی ئەورووپی و بە تایبەت موسڵمان نەبێت ، ئەوەبوو لەگەڵ ماڵی خوشکەکەمدا (یان)مان برد و رۆشتینەوە بۆ کوردستان ، لەوێ ماڵی باوکمی ناسی و توانیمان دوای مشتومڕێکی سەخت قەناعەت بە ماڵی باوکم بکەین ، و هەر لە سلێمانی ئەوەبوو باوکم مەرجی ئەوەی هەبوو ببێتە موسڵمان و، لەسەر دەستی مەلا مارەکرێین..

پاشان رێزان وتی: بەڵام (یان) پێشتر لەبەر ئەوەی دەربارەی کولتووری ئێمەی ئەزانی لە بەلجیکا بەخۆی چووبووە مزگەوتێك و پرسیاری کردبوو ، ئایا ئەگەر ئەو بیەوێت کچێکی موسڵمان بخوازێت دەبێت چی بکات ، لەو مزگەوتە مەلایەکی مەغریبی فێری کردبوو کە دەبێت ببێتە موسڵمان و، بۆ ئەو مەبەستەش مەلاکە کتێبی قورئانی بە زمانی فەرەنسی بۆ هێنابوو ، چونکە زمانی فەرەنسی قسەدەکات و دەخوێنێتەوە ، ئیدی بووە بە مەسلمان و لەسەر دەستی مەلا مارەی کردم..

ئینجا لە رێزانم پرسی داخوا ئەو ئیستا بەختەوەرە؟ وتی: زۆر بەختەوەرم ، ئەوەش پەیوەندی بەوەوە نیە ئەو پیاوە لە چ رەگەزێکە ، پەیوەندی بەوەوەیە ئەو پیاوە زۆر رێزم لێدەگرێ و زۆر رێز لە نەتەوەکەم و تایبەتمەندی خۆم و نەتەوەکەم دەگرێ ، چونکە بۆخۆی ئادەمیزادێکی زۆر رۆشنبیر و بەدواداچووە و تایبەتمەندە لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت میللەتی کورد و زانیاریەکی زۆری لەبارەی میللەتی کوردەوە هەیە ، هەمیشە سەرسامی خەباتی میللەتەکەمە و ئەڵێت میللەتی کورد میللەتێکی مەزن و ئازایە ، هەمیشە کە باسی ئەنفال و هەڵەبجە دەکەین فرمێسك بە چاوەکانیدا دێتە خوارێ..

لە رێزانم پرسی: ئایا پێش ئەم هاوسەرەی هیچ پیاوێکی تری ناسیوە؟ زۆر راشکاوانە رێزان وەڵامی دایەوە وتی: بەڵێ بێگومان من کچێکی گەنجی تەنها فرسەتی ناسینی پیاوێکی کوردیش لە ئارادابوو ، بەڵام هیچ ئەنجامێکی..

ئینجا دەربارەی جیاوازی کورلتوور لێم پرسی: وتی هەست بە هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ ناکەم ، چونکە وەکوو وتم هاوسەرەکەم زانیاری زۆری هەیە دەربارەی نەتەوەکەم ، هەروەها دەربارەی دەستوور و داب و نەریتمان ، بۆیە زۆر رێز لە داب و نەریت و تایبەتمەندیم دەگرێ ، هەر بۆ نمونە ئەورووپیەکان کە میوانێکیان دەچێ بەلایانەوە ئاساییە بیبەنە هۆتێل ، بەڵام ئەوە لە کولتووری ئێمەدا نیە ، ئەو زۆر بەخۆشحاڵیەوە ماڵەکەی کردۆتەوە بۆ میوانە کوردەکانم و جێگەیان دەکاتەوە , ئەوە و زۆر شتی تر کە لە هەموویدا تێگەیشتنی هەیە..

لەوانەیە کێشە لە نێوان هاونەتەوەشدا هەبێت ، بۆ نمونە هەر پیاوی کورد ئەگەر لەسەر بنەمایەکی باوکسالار و پیاوسالار مامەڵە لەگەڵ ژنەکەیدا بکات ، ئەوە جیاوازی لە بیرکردنەوەدا دروست دەکات و لەوانەیە ژنەکە ئەوە قبووڵ نەکات ، من ئەو کێشانەم نیە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا ، زۆر رێز لەوە دەگرێ کە ژنم و هیچم کەمتر نیە لە پیاو و رێز لە هەموو شتێکم دەگرێ و منیش زۆرم خۆشدەوێ و رێزی لێدەگرم ، ئەوەش بەسە بۆ دروستکردنی خێزانێکی سەرکەوتوو و بێ کێشە..

ئەم قسانەی منیش بانگەشە نیە بۆ ئەوەی هەموو کچی کورد شوو بکەن بە پیاوی ئەورووپی ، چونکە باوەڕم وایە لەناو ئەورووپیەکانیشدا پیاوی باش و خراپ هەیە.

<u>ج. ف. ع:</u>

- <u>مێردە کوردەکەی پێشووم دوو جار بە کەوچکی چا و رۆن منداڵی پێلەباربردم ، کەشووم پێکرد یەکەم هەفتە لێی دام ، هێشتا 11 ساڵیش دانم بەخۆما گرت ، پیاوی هۆڵەندی ئەوە بە ژنەکەی ناکات..</u>
- <u>مێردە کوردەکەی پێشووم دوای من سێ ژنی تری هێناوەتەوە هیچی بەدیاریەوە دانەنیشتوون..</u>
- <u>بە کۆششی مێردە هۆڵەندیەکەی من خوێندنگای خوێندنی زمانی کوردی لە شارەکەماندا کرایەوە لەبەر خاتری کچەکەم کە لەو هەمە..</u>

ج. ف. ع خانمێکی کوردی نیشتەجێی هۆڵەندایە ، ماوەی 16 ساڵە لە هۆڵەندا دەژی ، هەڵسووڕاوێکی چالاکی بواری مافەکانی ژنانە لە هۆڵەندا ، 11 ساڵ ژنی پیاوێکی کورد بووە و کوڕ و کچێکی لێی هەیە ، ئیستا ماوەی 10 ساڵە هاوسەرێکی هۆڵەندی هەیە و، کچێکی تەمەن شەش ساڵی لەو پیاوە هەیە ، خۆی زۆر بەبەختەوەر دەزانێت لەگەڵ ئەو پیاوە هۆڵەندیەدا ، خاتوو ج. ف. ع کە حەزی نەکرد تەواوی ناوەکەی بنووسم ، سەرەتا باسی ئەزموونێکی ژن و مێردایەتی یەکەمی کرد ، وتی: پیاوێکی زۆر خراپ بوو ، هەموو پیاوانی لەبەرچاوبردبووم ، وای لێکردبووم دڵم بە هیچ شتێك خۆش نەبوو ، کەجیاش بووینەوە پێنج ساڵ دانیشتم بیرم لە شووکردنەوە نەدەکردەوە ، ئەوەندەی سووکایەتی پێدەکردم رووم نەدەهات لەناو کۆمەڵگادا سەرم بەرز بکەمەوە ، تەنانەت مێردم بوو و لەماڵێکدا دەژیاین قسەی ناشرینی دوا دەخستم لەو کاتەی دایکی دوو منداڵی بووم ، بەمەرجێ من هێنام بۆ ئەوروپا ، هەر کە گەیشت داوای لێکردم دەست لە کەسوکاریم هەڵگرم ، سووکایەتی بە کەسوکارم دەکرد ، یەك هەفتەبوو شووم پێکردبوو لێیدام ، لەو کاتەوە هەمیشە لێیدەدام ، کە منداڵەکانیشم گەورەبوون خۆشی لەبەر ئەوانیش بڕیبوو..

من ئیشم ئەکرد سەری مانگ کە مووچەکەم وەردەگرت ، دەمودەست لێی ئەسەندم لە ترسی ئەوەی نەکا بینێرم بۆ کەسوکارم ، پیاوی کورد بە گشتی لە ژنی سەربەخۆ و بەتایبەت ئەو ژنەی سەربەخۆیی دارایی هەبێت ئەترسێت ، بەتایبەت لەم وڵاتانە کە دەوڵەت داکۆکی لە مافی ژن دەکات. 11 ساڵ لەگەڵی بووم ، نرخی ژنایەتیم نەبوو ، رای سەربەخۆم نەبوو ، چەندەها جار کە لێی دەدام لەسەر رەسمی سەددام لێیداوم و لووتی پڕاندووم..

ڤینۆس: باسی ئەم هاوسەرە هۆڵەندیەمان بۆ بکە..

<u>ج.ف.ع.</u>: ئەم پیاوەم لە رێگەی ئیشەوە ناسی ، پیکەوە ئیشمان کرد ، بینیم پیاوێکی زۆر تێگەیشتووە و زۆر رێزم لێدەگرێ ، داوای لێکردم ببمە هاوسەری ، ئەوەبوو دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر رازی بووم ، بەمەرجی ئەوەی ببێتە باوك بۆ منداڵەکانم، ئەویش پەیمانی دا ، هاتا رادەی ئەوەی هەردووکیانی پێگەیاند و خەرجیانی کێشا هەتا گەورەبوون و خوێندنی پێتەواو کردن و هەموو پێداویستیەکانیان هەتا ئیستاش دابین دەکات..

مێردە کۆنەکەم پێنج ساڵ منداڵەکانی بەڕەڵاکردبوو ، کەبیستیەوە شووم کردووە کەوتەوە بەربەرەکانی کردنم و قسە دواخستنم ، بەڵام من هەر سەبرم گرت ، منداڵەکانم خۆیان باوکیان نەویست ، چونکە هەموو شتێکیان بە چاوی خۆیان دەبینی..

ڤینۆس: کێشەکانتان لە هۆڵەندا دروستبوو ، یان لە هۆڵەندا زیادی کرد هەتا هاتە سەر جیابوونەوە؟

<u>ج. ف. ع</u>: نەخێر کێشەکانمان هەر لە کوردستانەوە گەورەبوون ، وەکوو وتم یەکەم هەفتەی ژن و مێردایەتیمان لێیدام ، تەنانەت دوو جار منداڵی پێلەباربردووم ، یەکەم جار سکم پڕبوو ، دوانەبوو ، پێی داگرت ئەبێت لەباری بەرم ، پاشان لە بادینان ماوەیەك ژیاین ، سکم پڕبوو ئەویشی پێلەباربردم ، لەلای مامانی لارێ بە کەوچکی چا و رۆن ، منداڵەکەیان پێ فڕێدام.. ئیتر کە هێنام بۆ هۆڵەندا وازی نەهێنا ، خۆزگەم خواست باش بێت ، بەڵام خراپتر بوو ، کە جیابووینەوە سێ ژنی تری هێنا هیچی بەدیاریەوە دانەنیشتوون ، ژنێکیان سێ مانگ دانی بەخۆیدا گرتبوو..

ڤینۆس: ئەی گرنگ بوو بەلاتەوە تەنها شوو بە هۆڵەندی بکەیتەوە ، یان شوو بە کورد نەکەیتەوە؟

<u>ج. ف. ع</u>: بڕیارم نەدابوو شوو بە کورد نەکەمەوە ، بەڵام راست بڵێم متمانەم بە پیاوی کورد نەمابوو ، نەمدەتوانی وا بە ئاسانی خۆم و ژیانی خۆم و ژیانی منداڵەکانم جارێکی تر بدەمەوە دەست پیاوێکی کوردی تر سووکایەتیم پێبکت و ئەشکەنجەم بدات ، و رێزی لە ئینسانیەتم نەگرێت.. بۆیە گرنگ بوو بەلامەوە بە پلەی یەکەم پیاوێك بێت رێز لە ژنێتیم و لە ئینسانیەتم بگرێ ، رێز لە منداڵەکانم بگرێ ، ئاسوودەبم لەگەڵی..

بەداخەوە پیاوی کورد کەمتر وشیاری هاوسەرگیریان هەیە ، کەمتر رێز لە ژن دەگرن ، پیاوی کورد کەمتر تێگەیشتنیان هەیە بۆ ئەو شتانەی دەبێت زوو لێی پێبگەن لەنێوان ژن و مێرددا..

ڤینۆس: ئەی کاردانەوەی ماڵی باوکت؟

<u>ج. ف. ع</u>: ئەو پیاوە بۆ خاتری من بوو بە موسڵمان ، بە ماڵی باوکم وت من لەگەڵی بەختەوەرم ، بەتوندی بەرەنگاری بڕیارەکەم بوون ، بەڵام پێم وتن چەند دڵسۆزمە و منداڵەکانم پێویستیان پێیەتی ، ئیتر دوای دانوستانێکی سەخت و قورس ، رازی بوون ، و مەرجیان ئەوەبوو ببێت بە موسڵمان ، ئەوویش ناڕەزایی دەرنەبڕی ، جگە لەوەی چوار ساڵ لە منیش منداڵترە ، باشە بۆچی پیاوی میللەتانی تر ئەبێت ئاینیان بگۆڕن بۆ ئێمە ، لە کاتێکدا کچەکانی ئێمە ئەکوژرێن وەکوو (دوعا) کە ویستی ببێت موسڵمان؟.

## ئەی كوڕە گەنجەكانی ئەوروپا چۆن دەڕواننە مەسەلەی شووكردنی كچە كوردەكان بە ئەوروپی؟؟

ئیدی دەبوو بۆ ئەوەی مافی تەواو بدەم بەم ڕیپۆرتاژە پەیوەندی بكەم بە چەند كوڕ و گەنجێكەوە ، بۆ ئەوەی بزانم ئەوان باری سەرنجیان چیە لەو بارەیەوە ، دوو پرسیارم لێیان دەكرد ، ئایا ئەوان رایان چیە بەرامبەر بە شووكردنی كچە كوردەكان بە كوڕی ئەوروپی؟ هەروەها ئەگەر كچێك بناسن پێشتر هاوڕێ یان مێردێكی ئەوروپی هەبووە ئایا رازی دەبێت بیخوازێت و هاوسەری لەگەڵ بكات؟

لە وەڵامی ئەو دوو پرسیارەدا ، وەڵامی جیاواز و جۆراوجۆرم لە گەنجەكان دەست كەوت ، لەوانە:

**هەڤاڵ**: بەشبەحاڵی خۆم هیچ گرفتێكم لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا نیە ، چونكە چۆن ئەو مافە بەخۆم دەدەم كچێكی ئەوروپی بناسم ، بەهەمان شێوەش هەمان ماف بە كچیش دەدەم ، هەروەها جیاوازی پیاوی كورد و هۆڵەندی یان ئەوروپی چیە كچەكە ناسیبێتی ، بگرە لەوانەیە هۆڵەندیەكە زیاتر ڕێزی لێگرتبێت ، هیچ گرفتێكم نیە ئەگەر بیر لە ژن هێنان بكەمەوە ، ئەگەر ئەو كچەی دڵم بیخوازێت كوڕێكی هۆڵەندیشی ناسیبێت هیچ مەسەلەیەك نیە باسكرێت..

**ڕێبین**: بۆخۆم ئەگەر ئەو كچەی بمەوێت بیهێنم پێمخۆشە ئەگەر من یەكەم پیاو بم لە ژیانیدا ، بەڵام باوەڕیشم وایە لەوانەیە كچێكم زۆر خۆشبوێت و پێش من كەسێكی تری ناسیبێت ، ئیتر لە هەر ڕەگەزێك بێت ئەوە بۆ من نیە باس لەو ئەزموونەی بكەم ، چونكە پێش ئەوە بووە من بناسێت ، من بۆم هەیە موحاسەبەی بكەم لەوكاتەوە كە دەبێتە هاوسەری من..

بەڵام **سامان** وتی: بۆ من سەختە خوشكەكەم ببینم پەیوەندی لەگەڵ هۆڵەندیەك هەیە ، بەهەمان شێوەش بیر لەوە ناكەمەوە كچێك بخوازم پێشتر پەیوەندی بە هۆڵەندیەكەوە هەبووە..

پاشان لە سامان م پرسی: ئەی ئەو مافە بەخۆت ڕەوا دەبینیت؟ ئەگەر نا ، چۆن؟

سامان: من كوڕم و زۆر كچم ناسیوە ، بەڵام لەكۆمەڵگای ئێمەدا كوڕ كوڕە و كچ كچە ، ئەكرێ من هەموو ڕۆژێ لەگەڵ كچێكدا بم لە رەگەزێك ، بەڵام ئەو كچانەی لەگەڵیان رامبواردووە هیچیان ناخوازم ، من كچێكم دەوێ نەپێش من پەیوەندی هەبووبێت ، نەخۆشم لەگەڵی رامبواردبێت..چونكە بیر لەوە دەكەمەوە لەوانەیە ئەوەی ئەو ناسیویەتی بۆ رابوردن بووبێت..

گەنجێك ئەندامی ئەنجومەنی گەنجانی میدیا لە ئەمستردام كە حەزی نەكرد ناوی ببرێت بەم شێوەیە رای خۆی سەبارەت بەو مەسەلەیە دەبڕی: زۆر ئاساییە كچێك پێش ئەوەی بیناسم پەیوەندیەكی سۆزداری هەبووبێت ، جا لەگەڵ كوردێك یان هۆڵەندیەك ، بۆ من كێشە نیە ، چونكە ئەوە یەكەم ئازادیەكی تاكە كەسیە ، دووەم پێش ئەوەی من بناسێت ئەو شتە ڕوویداوە ، ئیدی بۆ من نیە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو كچە بكەم سەبارەت بە ژیانی پێشووی.. سەبارەت بەوەشی ئایا رازی دەبم ببێتە هاوسەرم ، دەڵێم ئەگەر خۆشم بوێت و، ئەویش منی خۆش بوێت ، راستگۆبین ، بۆنا؟ .

venusfaiq@gmail.com